سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

رانانی ئایندەیی ژمارە (١)

# ئایندەی عێراق و هەرێم لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا

## خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، بیرۆکەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org

- ئایندەی عێراق و هەرێم لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (١)
- توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە
- سلێمانی - هەرێمی کوردستان
- شوبات ٢٠٢٠

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیرورا و شارەزایی زانستی.
٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جیگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

١. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
٤. ئەنجامدانی چاوپیکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.
٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

# ئاییندەی عێراق و هەرێم لە گێژاوی پرسەهەنووکەییەکاندا

## خۆپیشاندان، پێکهێنانی حکومەت، بیرۆکەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

### پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم: خۆپیشاندانەکانی عێراق؛ هۆکاری ڕەوا و کۆتاییەکی نادیار ٤

تەوەری دووەم: پێکهێنانەوەی حکومەتی عێراقی ٧

تەوەری سێیەم: هەرێمی سوننە و ئاییندەی فیدراڵییەتی عێراق ١٠

تەوەری چوارەم: کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ١٣

## سەرەتا

لە ئێستادا عێراق و ناوچەکە، بە تونێلێکی نادیاری سیاسییدا گوزەر دەکات، گۆڕاوە ناوخۆیی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان جێکەوتەی کاریگەر لەسەر ئێستا و ئایندەی ناوجەکە جێدەهێڵن، بەڵام گرنگترین ڕووداوی سیاسیی هەنووکەیی چوار تەوەر و فاکتەری بەرجەستەن، کە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودادا ڕۆڵ دەگێڕن، ئەوانیش: خۆپیشاندان، پێکهێنانی حکومەت، بیرۆکەی هەرێمی سوننەنشین و ئەگەری کشاندنەوەی ئەمریکان. لەم ڕانانە سیاسییەدا، هەر چوار فاکتەرە ئاماژەپیدراوەکان لە ڕوانگەی واقیع، توانستە تیۆری و کردەییەکان و سیناریۆ ئایندەییەکانی ناو هاوکێشە زیندووەکان شرۆڤەکراون و خراونەتەڕو. لە سەرجەمیشیاندا ڕۆڵ و پێگەی هەرێم لە هەر تەوەرێکدا بە هەند گیراوە و گریمانە و ئایندەی مامەڵەی سیاسی هەرێمی کوردستانی تێدا شرۆڤە کراوە، چونکە هەرێمی کوردستان لەم دۆخەدا هەم هەل و هەڕەشەی لەبەردەمدایە، هەم کارتێکەر و کارتێکراوە. یەکلەدوایەکی چوار تەوەری سەرەکیی ڕانانەکەش بە جۆرێک ڕیزکراون، کە وەک دەزوویەکی سیاسی یەکتریان بەدوای یەکدا ڕاکێشا، کە کاریگەر و کارتێکەری یەکتربوون، سەرەتا بە خۆپیشاندانەکان دەستی پێکرد، پاشان سەرۆکوەزیران ناچارکرا دەستلەکاربکێشێتەوە، هەر بەدوای ئەم ڕووداوانەدا هەردوو پرسی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکاش وەک دوو پرسی کاریگەر زیندووبوونەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## تەوەری یەکەم: خۆپیشاندانەکانی عێراق؛ هۆکاری ڕەوا و کۆتاییەکی نادیار:

دەستپێکی خۆپیشاندانی تشرینی ٢٠١٩ی بەغدا و ناوچەعەرەبییەکانی عێراق، ڕەونەقی دا بە گوتارێکی نوێی سیاسیی. درووشمی مەدەنی، سەروو مەزهەبیی، دژەگەندەڵی، دژەئێرانی خۆپیشاندانەکان لە خۆپیشاندانە ئاراستەکراوەکانی دیکەی پاش ٢٠٠٣ی عێراق جیاکردەوە. هاوکات کاریگەریی لەسەر دەرخستنی ڕوخسار و بەسەرچوویی جۆری بەڕێوەبردن توێژی باوی پرۆسەی سیاسیی هەبوو. خۆپیشاندان بەرهەمی کردەوەی ١٧ساڵی ڕابردووی ئاراستەکارانی پرۆسەی سیاسیی عیراقە، کە عێراق و پێگەکەیان لاواز و خەڵکی عێراقیشیان ڕووبەڕووی نەهامەتی کردووەتەوە.

ئاراستەکارانی خۆپیشاندانی عێراق، بریتیین لە چالاکوانی مەدەنی، میدیاکاران، ڕۆشنبیران و ئەو سیاسیی و حزبیانەشن کە لە ڕابردوودا سودمەند نەبوون، بەڵام خۆپیشاندەرانی مەیدانیی بریتیین لە دانەمەزراو، دەرچووان و خوێندکارانن، جیا لەوەش باڵی سەدریی نیوەبەنیوە بە پێی تویتی ڕێبەرەکەیان(سەدر) دەچن و دەکشێنەوە.

هۆکاری ڕیشەیی خۆپیشاندەن دەکرێت کورت بکرێتەوە لە: گەندەڵی، هەژاریی، خراپی خزمەتگوزاریی بنەڕەتی، گەندەڵیی، دابەشبوونی تەیەفی ومەزهەبیی بە جۆرێک دابەشکردنی عێراقی لە واقیع نزیککردووتەوە، تیرۆر، میلیشیای تایەفی، باڵادەستیی هەژموونی ئێران بەسەر عێراقەوە. ڕاستییەکەی ئامار و ئاماژە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخراوەکان نیشادەری ڕاستینەی هۆکارەکانن، لە خۆڕا نییە خەڵک بە تایبەت شیعەمەزهەبەکان نیگەران، تووڕە، ڕەتکەرەوە و ڕادیکاڵن.

تائێستا زیانی مرۆیی خۆپیشاندەران: زیاتر لە ٧٥٠ کوژراوە، کە ٧٧ یان چالاکوان ومیدیایین، لەگەڵ ٢٢٠٠٠ بریندار، بەڵام خۆپیشاندان بەردەوامە وچەند دەستکەوتێکی دیاریشی هەبووە، وەک:

١- هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن.

٢- بڕینی جیاوگەکانی پەرلەمانتاران.

٣- دەستپێلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیران.

٤- هێنانەسەر هێڵی ١٦ باڵیۆزی وڵاتان بۆ ئیدانەی حکومەتی عێراقی و مافی ڕەوای خۆپیشاندەران.

٥- ڕەتکردنەوەی چەندین کاندیدی سیاسیی تەوژمە باوەکان.

٦- ناچارکردنی کوتلەکان بە ڕازیبوون بە پاڵاوتنی 'محەمەد عەللاوی' بۆ پێکهێنانی حکومەت.

بەڵام هیچ یەکێک لەم ئەنجامانە، ناتوانن گرانتی هوودەکانی خۆپیشاندەران بن، چونکە لەپەنای ئەم دەستکەوتانەدا، دەکرێت دووبارە لایەنە سیاسییەکان نەرمەبڕانە لە ڕێی کوتلە پەرلەمانییەکانیانەوە، خۆیان بخزێننە نێو حکومەتی داهاتوو و تەنانەت لە نێو ڕاڤەی دێڕەکانی یاسای نوێی هەڵبژاردنیشەوە، جارێکی تر بڕیاردەری ڕاستەقینە بن.

ڕاستە خۆپیشاندان تا ئێستا توانیوویەتی بیچەسپێنێت کە چی ناوێت، بەڵام یەکدەنگ نەبووە

لەسەر ئەوەی چی دەوێت و کاندیدەکانی کامانەن؟! بۆیە کێشە ناوەکییەکان لە نێو ئاراستەکارانی خۆپیشاندانەکاندا ئامانجی کۆتایی ڕووەو نادیار ئاراستەکردووە: لەوانەش نەبوونی سەرکردایەتی و هەماهەنگی ناوەندیی سەرجەم مەیدانەکان، جیاوازی دیدگای هەڵسوڕێنەران لەسەر بنەمای ئەولەویەتی داواکارییەکان، کە زەقترینیان پەیوەندیدارە بە کاندیکردنی محەمەد عەللاوی-ەوە، کە دوو ئاراستەی لای خۆپیشاندەران لە نێوان پەسەند و پەسەندنەکردندا سازاندووە. بەشێکی خۆپیشاندەران پێیانوایە پێویستە کاندیدانی سەرۆکوەزیر و وەزیرانی "ئازاد، سەربەخۆی بێپێشینە"بن، ئەم داواکارییەش دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە و جۆرێک لە بێهوودەگەراییە لە واقیعی ئێستادا.

گەرچی عەللاوی باس لەوەدەکات کە کاری جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەرانە، بۆیە بەدیوێکی‌تردا ڕادیکاڵیی خۆپیشاندەر ڕەنگە خزمەتی کەمکردنەوەی فشاری لایەنەکان بێت، چونکە ڕایەک دەڵێت: تا ڕادیکاڵییەتی خۆپیشاندان سست بێت هەڵوێستی عەلاوی لە دانوستانەکان لاوازتر دەبێت.

### سیناریۆکان

ئایندەی خۆپیشاندان، ڕاستەوخۆ بەستراوە بە پرسی پێکهێنانی حکومەت و ڕێکارەکانی بۆ بەجێهێنانی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، سیناریۆکانی بەردەم خۆپیشاندان لە دوو سیناریۆدا دەکرێت کورتبکرێنەوە:

١- حکومەتێک بە خواستی خۆپیشاندەران پێکدێت و ڕێکارەکانی بەجێهێنانی داواکارییەکان دەگرێتەبەر، کە ئەمە ئەستەمە و هەلی بەردەم کابینەی عەللاوی هێندە کاریگەر نییە ئەم سیناریۆیە بۆ خۆپیشاندەر جێبەجێبکات، لە باشترین حاڵەتیدا ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنی نوێ و کۆتاییهێنان بە هەژموون و فشاری کوتلەکان دەکات، خۆی بە کابینە و پەرلەمانی تازەهەڵبژێردراو دەسپێرێت.

٢- کۆتایی خۆپیشاندان، یان سستکردن و لەتکردنی، سیناریۆیەکی بەهێزە، بەتایبەت لەلایەک ڕای خۆپیشاندەران جیایی تێکەوتووە، لەلایەکیترەوە، هێزە باوەکان، خۆیان ڕێکدەخەنەوە و لەڕێگەی پەرلەمانەوە حکومەت و ئەجێنداکەی ناچار دەکەن بگەڕێتەوە سەر نەریتە باوەکانی حوکم کردن لە پشکپشکێنە و تەوافوقی کوتلەکان. لە کۆتایی ئەم ڕەوتەشدا لە ڕێگەی لەتکردنی خۆپیشاندان، سەرکوتکاریی میلیشیاکان وماندووبوون و بێهوودەکردنی خۆپیشاندان، مەیدانەکان سست یان چۆڵدەکات.

### کورد و سوننە و خۆپیشاندان

ئێستا خۆپیشاندان نیگای لەسەر ئەجێندا و کاندیدەکانی عەللاوییە، بەڵام هۆکاری بابەتی وا دەکات کاریگەریی لەسەر داهاتووی خۆپیشاندان جێبهێڵێت، بەتایبەت هەڵوێستی سوننە و کوردستان بۆ حکومەتی چاوەڕوانکراو، جێکەوتەیان دەبێت لە پێکانی ئامانجەکانی.

سوننە و کورد بە تێبینیەوە، لەگەڵ داواکاریی خۆپیشاندانداندان، بەڵام لەگەڵ ئالیەتە ڕادیکاڵەکانیاندا نین، هەردووکیان ترسیان لە گەڕانەوەی سیستمی ناوەندگەرێتی و تاکڕەویی هەیە.

ئەم گۆفارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خۆپیشاندەرانیش دەرکی ئەوەیان کردووە، کە بەبێ کورد و سوننە ناتوانن لەم دۆخە تێپەڕن.

لەگەڵ بوونی نیگەرانییەکان بەرامبەر خۆپیشاندان، بەڵام هەلی سیاسیی لەبار بۆ کوردستان هاتۆتەئاراوە:

سوننە لەپەنای داواکاریی چاکسازیی خۆپیشاندانەدا دوو مەرامیان کردۆتە دەسکەلا: کەمکردنەوەی هەژموونی مەزهەبی بەسەر حکومەتەوە، شەراکەتی ڕاستەقینە و دروستکردنی هەرێمێکی سوونە. هەرچی کوردیشە ئەوا دیسان پاراستنی مافە دەستوورییەکان، ناوچەی دابڕێنراو و هاوبەشیکردنی ڕاستەقینەیە.

ئەم داواکارییانەی سوننە و کورد جیا لەوەی دەکرێت بکرێنە بەشێک لە ئەجێندای کارنامەی حکومەت، بشکرێنە پێشمەرجی بەدەمەوەچوونی خۆپیشاندەران و هەر لایەنێکی تریش، دەکرێت بە یەک پاکێج کارییان لەسەر بکرێت و دۆخێکی براوە-براوە-براوە بەدەستبهێنرێت و دۆخی سێکوچکەی تەوافوقی "بە ئەپدەیتکراوی" وەک زامن بگەڕێتەوە نێو پرۆسەی سیاسیی عێراق.

جیالەوەش، پەناگەی ئارامی هەڵسوڕێنەرانی خۆپیشاندان هەولێر و سلێمانییە، زۆرجاریش هەرێم بە هاندانیان تۆمەتبارکراوە. بۆیە دەکرێت سوود لەو نەرمەهێزەش لە ئاراستەی دانوستاندنی پێکهێنانی حکومەت وەربگیرێت

## تەوەری دووەم: پێکهێنانەوەی حکومەتی عێراقی:

پاش دوو مانگ لە دەستپێلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران (عادل عەبدولمەهدی)، سەرکۆماری عێراق (بەرهەم صالح) لە بارودۆخێکی دژواردا و پاش ڕەتکردنەوەی چەندین پاڵێوراویتر لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، سەرەتای شوباتی٢٠٢٠، (محەمەد تۆفیق عەللاوی) بۆ پێکهێنانەوەی حکومەت ڕاسپارد. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: عەللاوی لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو دەبێت؟ دەکرێت کورد چی بکات؟ بۆ وەڵامێکی شایستە، باشترە ڕەچاوی ئەو پێودانگانە (محددات) بکەین کە لە سایەیدا عەللاوی هەوڵی پێکهێنانی کابینەکەی دەدات:

### ١. پێودانگە دەستوورییەکان

کاتێک ئەنجومەنی نوێنەران دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی پەسەندکرد، داوای لە سەرۆک کۆمار کرد بەپێی مادەی ٧٦ی دەستوری عێراقی٢٠٠٥، پاڵێوراوێک بۆ پێکهێنانەوەی حکومەت ڕابسپێرێت، بەپێی ناوەڕۆکی ئەم مادەیەش "پێویستە سەرۆک وەزیرانی نوێ لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا لە ڕۆژی ڕاسپاردنییەوە ناوی وەزیرەکانی دیاریبکات، ئەگەر نەیتوانی کابینەکەی پێکبهێنێت یان متمانەی بەدەستنەهێنا، ئەوا لە هەردوو حاڵەتدا سەرکۆمار کەسێکیتر ڕادەسپێرێت تا لەماوەی ١٥ ڕۆژدا حکومەت پێکبهێنێت. لە ڕوانگەی ئەم پێدراوانەوە دەکرێت پێشبینی ئەم سیناریۆیانە بکرێت:

أ- ئەگەر عەللاوی توانی کابینەکەی پێکەوەبنێت ومتمانەی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستبهێنێت، ئەوا لەباشترین دۆخدا هەنگاوێک کە بتوانێت هەڵیبگرێت زەمینەسازیکردنە بۆ "هەڵبژاردنی پێشوەخت".

ب- ئەگەر عەللاوی سەرکەوتوونەبوو، سەختە کەسێکی دی ڕابسپێردرێت ولەماوەی ١٥ ڕۆژیشدا کابینە پێکبهێنێت و هەلی سەرکەوتنی لە عەللاوی باشتربێت! بۆیە تاکە دەرچەی گونجاو، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانە کە دەشێت بەپێی مادەی ٦٤ی دەستور، لەسەر داوای سێیەکی ئەندامان یان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و بەڕەزامەندی سەرۆک کۆمار، بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی هەڵبوەشێتەوە، ئەوکات پێویستە سەرکۆمار داوا لە حکومەتی پێشووبکات بکات لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا زەمینەسازی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت بکات.

ج- ئەگەر سەرۆکوەزیرانی دەستلەکارکێشاوە، وەک خۆی ڕایگەیاندووە، لەحاڵەتی شکستخواردنی عەللاوی-دا ئامادەنەبوو (دوای ٣٠ ڕۆژەکە) لە پۆستەکەیدا بەردەوام بێت، لەم حاڵەتەدا پۆستەکەی بە چۆڵ(خلو) دادەنرێت و سەرکۆمار (بەپێی مادەی ٨١ی دەستور) جێگاکەی دەگرێتەوە، کە دەبێت لەماوەی ١٥ڕۆژدا سەرۆک وەزیرانێکیتر ڕابسپێردرێت تا بەپێی مادەی ٧٦، حکومەتێکی نوێ پێکبهێنێتەوە.

### ٢. پێودانگە سیاسییەکان

مەبەست لەم پێودانگانە، کۆی ئەو فاکتە سیاسییانەیە کە بەردەوام (لە دوای٢٠٠٣وە)، تەحەکومیان بە هەر پرۆسەیەکی پێکهێنانی حکومەتەوە لە عێراقدا کردووە، کە حکومەتەکەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

(عەلاوی)یش لە کاریگەرییان بەدەرنابێت:

أ- پێودانگە ناوخۆییەکان: بە پلەی یەکەم پەرتەوازەیی پێکهاتەی ئەنجومەنی نوێنەرانە، کە قەبارەی هیچ فراکسیۆنێک (١٦%)ی کۆی ئەندامانەکانی تێناپەڕێنێت، کە ڕەنگدانەوەی فرەیی پێکهاتە ئیتنییەکانی عێراقە، وێڕای جیاوازی بیروڕا و بەرژەوەندی فراکسیۆن ولایەنەکان. لەسایەی ئەم پەرتەوازەییەدا هەر سەرۆکوەزیرانێکی نوێ لەپێناو مسۆگەرکردنی متمانە بۆ کابینەکەی ناچارە پەنا بۆ دەنگی زیاتر لە فراکسیۆنێک ببات، بەردەوامبوونی کابینەکەش (کەحکومەتی ئیئتلافیی دەبێت) بە پەسەندکردنی مەرجەکانی ئەو فراکسیۆن و پێکهاتانەوە پەیوەست دەبێت. لەپەنای ئەمەشدا، لە ئێستادا "خۆپیشاندانی تشرین" ڕەهەندێکی‌تری ناوخۆیی کاریگەرە و فشارێکی هەنووکەیی لەسەر ئاڕاستەی پرۆسەی پێکهێنانی هەر کابینەیەک دەبێت.

ب- پێودانگە دەرەکییەکان: بە پلەی یەکەم دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و هەژموونی ناڕاستەوخۆی هێز و ئەکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکانە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، هەرلایەک فشاردەکات تا قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی یەکلابکاتەوە، بە تایبەت (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێران)، کە عێراق پێگەیەکی گرنگی ململانێی نێوانیانە.

لە سایەی ئەم پێودانگە سیاسیانەدا دەکرێت (لە هەوڵەکانی عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی) دوو نەخشەڕێگا پێشبینی بکرێت:

١- نەخشەڕێگایەکی ئەزموونکراو: بەهەمان شێوەی کابینەکانی پێشوو بۆ مسۆگەرکردنی متمانەی زۆرینەی ڕەهای ئەنجومەنی نوێنەران، پەنا بۆ دانانی وەزیرەکان لە نێو سەران، ئەندامانی فراکسیۆن وقەوارە تەقلیدییەکان ببات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکان (شیعە، سوننە، کورد) بەپێی بنەمای پشکپشکێنە (محاصصە)، بەمەش پێناچێت هەلی بەردەوامبوونی لە کابینەی پیشوو باشتر بێت، بەتایبەت کە مەرجێکی خۆپیشاندەرانە کە نابێت کابینەکە لە کەسانی نێو ئەو قەوارانە و لەسەر بنچینەی پشکپشکێنە پێکبهێنرێت.

٢- نەخشەڕێگایەکی نوێ: بێ ڕەچاوکردنی ڕەزامەندی فراکسیۆنە تەقلیدییەکان و خواستی پێکهاتەکان، عەللاوی، وەزیرەکانی لە کەسانی سەربەخۆ وبێلایەن هەڵبژێرێت، بەمەش هەرچەندە ئەگەری بەدەستێهێنانی متمانەی ئەنجومەنی نوێنەران مسۆگەرناکات، بەڵام دەشێت بە کێشکردنی پیشتیوانی خۆپیشاندەران فشار لەسەر زۆرینەی فراکسیۆنە شیعییەکان دروست بکات تا متمانە بە کابینەکەی ببەخشن.

بەگشتی ڕەنگە نەخشە ڕێگای دووەم هەلی جێبەجێبوونی زیاتربێت، چونکە ڕێگە دەدات دۆخەکە بۆ قۆناغێکی ڕاگوزەر (انتقالی) هێوربکاتەوە، ئەمەش لەلایەک سەرکەوتنێکی هێمایی بۆ خۆپیشاندەرانە، لەلایەکی‌تر بوار بە فراکسیۆن و قەوارە باوە هەژمووندارەکان دەدات تا ماوەیەک (لانیکەم ساڵێک یان زیاتر)، تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەران درێژە پێبدەن و تەمەنێکی زیاتریش بە دەستکەوتەکانیان بدەن.

لەکۆتاییدا، عەللاوی بە هەرکام لەو نەخشەڕێگایانەی سەرەوە لە پێکهێنانی کابینەکەیدا

سەرکەوتووبێت، ئەوا گەورەترین کارێک بتوانیت ئەنجامی بدات، بریتییە لە زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنی پیشوەختی ئەنجومەنی نوێنەران، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەوەش نەتوانێت ئەوا ئەگەری دوو سیناریۆ هەیە:

أ- درێژەپێدانی ئەم خولەی ئێستا تا کۆتایی، بە هێورکردنەوەی خۆپیشاندانەکان یان سەرکوتکردنیان لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز و میلیشیای کوتلەکانەوە.

ب- قوڵبوونەوەی قەیرانەکان و لەگرێژنەدەرچوونی دۆخەکە بەرەو پەشێوی و ئاشوب و توندوتیژی بەشێوەیەک دۆخەکە لە کۆنترۆڵی هێزەکانی ئێستادا نەمێنێت.

لە هەموو ئەگەرەکاندا، پێدەچێت تەمەنی کابینەکەی عەللاوی کورتخایەن بێت، بۆیە باشترە کورد بایەخ بە وەرگرتنی پۆستەکان نەدات بەڵکو لەو قۆناغە ڕاگوزەر (انتقالی)یەدا، هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکە بدات، تا بتوانێت لە داهاتوودا (بەپێی ئەو ڕۆڵە پۆزەتیفەی کە لای خۆپیشاندەران و قەوارەکاریگەرەکان جێی دەستخۆشی دەبێت)، بەڵێنی بەدیهینانی هەندێک لە ئامانجەکانی لە پرسی ناوچە جیناکۆکەکان، بەشەبودجە، پێشمەرگە و مەسەلەی وزە وەدەست بخات

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## تەوەری سێیەم: هەرێمی سوننە و ئایندەی فیدراڵییەتی عێراق:

دامەزراندنی عێراق (ساڵی١٩٢١)، وەك دەوڵەتێك لەسەر بنەمای ناوەندگەرێتی سیاسی، کارگێری و باڵادەستی پێکهاتەیەك دارێژراوە. دەوڵەتی ناوەندی نەیویست و نەیتوانی پێکهاتەکانیتر (بە تایبەت کورد و شیعە)، لە خۆبگرێت. بەم شێوەیە دارشتنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی (پاش٢٠٠٣) بڕاردەیەکی گونجاو بوو بۆ وڵاتێکی فرەپێکهاتە. دەستوری٢٠٠٥ی عێراق سەرباری جەختکردنەوە لە فیدراڵییەتی دەوڵەت، ئەم دەوڵەتە بە پێوەرە جیهانییەکانی دەوڵەتێکی فیدراڵی، هێشتا ناتەواو(ناقص)ە و پێویستە بۆ مانەوەی دەوڵەتەکە جێگیرتر و پەرەی زیاتری پێبدرێت.

**بیرۆکەی هەرێمی سوننە: هۆکار وگرفتەکان**

هەرچەندە لەکاتی نوسینەوەی دەستوری٢٠٠٥ و پاشتریش زۆرینەی سوننە دژی فیدراڵیەت وبیرۆکەی هەرێم بوون، بەڵام لە ئێستادا بەشێکیان بەشێوەیەکیتر بیری لێدەکەنەوە.

ڕەنگە هەستکردن بە پەراوێزکەوتنی ئابوری و کارگێری و هەڕەشی ئاسایشیی، پێویستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پایتەخت لە ناوچەکانیان، پاڵپشتی ناوخۆیی و دەرەکی سێ هۆکاری سەرەکی بیرکردنەوەی عەرەبە سوننەکان بێ لە "هەرێمی سوننە".

لەلایەکیترەوە زۆربەی پارێزگارە سوننە نشینەکان دراوسێی هەرێمی کوردستانن، بەراوردکردنی ئەزمونی کوردستان لەروی ئاوەدانی، خزمەتگوزاری، ئاسایش و پەیوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانەوە لەگەڵ ناوچە سوننەنشینەکان دیارە جێی بەراورد نەبووە، بۆیە دەکرێت ئەم مۆدێلەش پاڵنەرێکیتریان بێت بۆ بیرکردنەوە لە هەرێمێکی سوننی تا لەڕووی ئابوری، ئاوەدانی، ئاسایشیی وپەیوەندی دەرەکییان نیمچە سەربەخۆبن و ڕۆڵێکی زیاتر لەهاوکێشە هەرێمایەتییەکاندا بگێڕن.

دروستکردنی هەرێمێکی تایبەت بە سوننە بێ کێشە نیە، لە گرنترینیان:

١- یەکدەنگنەبونی سوننە بەتایبەت لەسەر مەسەلەی هەرێمەکە، پارێزگا سوننەنشینەکان وسەرکردەکانیان (لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز) ڕادەی مەیلیان بۆ بەهەرێمبوون جیاوازە.

٢- لەڕووی جیۆپۆلەتیکی ودیمۆگرافییەوە، سەختە هەرێمێکی سوننی لەسەر بنەمای تایفی پێکبهێنرێت. پارێزگا سوننەنشینەکان، جگە لە ئەنبار، لەروی دانیشتوانەوە هۆمۆجین نین، کورد بەشێکی زۆری پارێزگای موسڵ پێکدەهێنێت، بوونی شیعە و کورد لە سەڵاحەددین و دیالە، هەروەها پەیوەستی جوگرافی، کارگێڕی، ڕێگاوبان وئابوری ئەم چوار پارێزگایە لە ئێستادا ئەستەمە.

٣- لەڕووی سیاسییەوە سوننەکان جگە لە کێشە ناوخۆییەکانیان و جیاوازی پێکهاتەی دیموگرافی، کۆمەڵایەتی و پێگەی ئابووریی، کێشەی دیکەیان لەگەڵ دەرەوەی خۆیان هەیە، لەلایەك قورسە شیعەکان بەگشتی هەرێمێکی یەکگرتووی سوننە پەسەند بکەن، بە تایبەت گەر مۆرکێکی سیاسی هەبێت. هەستیاری جوگرافیایی سوننەکان لە سنورەکانی سوریا، ئوردن، عەرەبستان و ئێران

کێشەکە بۆ بەغدا قورستر دەکات. لێرەدا ململانێی ئێستای ئەمریکا وئێران لەعێراق ئەوەندەی تر کێشەی هەرێمی سوننە ئاڵۆز دەکات و ڕەهەندی ستراتیژی، نێودەوڵەتی وئاسایشیی بۆ دروست دەکات.

٤- لەڕووی ئابوورییەوە، هەرێمی سوننە داهاتێکی ئەوتۆی نییە، بۆیە پێویستە لەلایەن بەغداوە پاڵپشت بکرێت، گەر سوننەکان سەرچاوەیدیکەی داهات بۆ هەرێمەکەیان دابین نەکەن، ئەستەمە بەغدا بەبێ مەرجی سیاسی، پشتگیریی دارایی عادیلانەیان بکات، بەتایبەت ناوچە سوننەنشینەکان بەهۆی شەڕی داعشەوە ئێستا وێرانکراوە و پێویستی بە هاوکاری ئابووریی زۆر هەیە.

٥- لەڕووی یاساییەوە گەرچی هەموو پارێزگایەك یان چەند پارێزگایەك دەتوانن لە هەرێمێكدا خۆ ڕێکبخەن، بەڵام لە پراکتیکدا ئەستەمە، چونکە لانیکەم لە ئێستادا بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەهۆی حکومەتی کاربەرێکەرەوە، لەڕووی یاساییەوە درووستکردنی هەرێمێکی سوننە بەپێی یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان مەحاڵە، هەر حکومەتێکیش لەم دۆخەدا بێتەکایەوە ئەستەمە ئەم پرۆژەیە پەسەند بکات.

**کورد و هەرێمی سوننە: هەل و کێشەکانی**

بوونی هەرێمێکی سوننە، هەلێک دەخاتە بەردەم کورد، چەسپاندنی فیدراڵیەتی عێراق بەپێکهاتنی هەرێمی دووەم، نیگەرانی کورد لەناجێگیریی وناکامڵی فیدراڵییەت کەمدەکاتەوە، هەروەها هاوپەیمانیش دەبێت بۆ داواکاری هەرێمەکان لەنێو حکومەتی فیدڕاڵدا، بەمەش کورد دەتوانێت ڕۆڵێکی فراوانتر لەبەغدا بگێڕێت و لەچەندین کێشەی دەستوری وەك ئەنجومەنی فیدڕاڵی(دووەم)، پشك ودەسەڵاتە دارایی، دەرەکیی و ئاسایشییەکان پاڵپشتی یەکتربن.

بەڵام سەرباری لایەنە ئەرێنییەکانی هەرێمی سوننەنشین، مەسەلەی ناوچەدابڕاوەکان کێشەی سەرەکی کوردو هەرێمی سوننە دەبێت. سوننەکان گەر بیانەوێ سەقامگیری سیاسیی-کۆمەڵایەتی بەدیبێنن، پێویستە کێشەی سنور لەگەڵ هەرێمی کوردستان وشیعەکان چارەسەر بکات، ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوك، موسڵ، سەڵاحەدین ودیالە لای کورد، هەروەها ناوچە شیعەنشینەکانی سەڵاحەدین، دیالە وئەنبار لای شیعە کێشە وبەربەستی ڕاستەقینەی پێکهاتنی هەرێمی سوننەی یەکگرتووە.

**سیناریۆکان**

١- مانەوەی دۆخی ئێستا؛ پەرتەوازەیی سوننە و نەبوونی سەرکردایەتی، گوتارێکی بەهێز و یەکگرتو و دابەشبونیان بەسەر چەندین ئاراستە و لایەنی ناوخۆیی و کاریگەری دەرەکیدا، ڕەنگە وابکات ئەم پرۆژەیە تەنها لەسەر کاغەز بمێنێتەوە دۆخی ئێستا وەك خۆی بەردەوام بێت.

٢- دروستبونی هەرێمێکی سوننە لەیەك پارێزگا؛ بەهۆی تایبەتمەندی پارێزگایەك، ئاسانی ڕێوشێنە یاساییەکەی، کەمی کێشە سیاسیەکانی تایبەت بەسنوری کارگێری و بوونی پاڵپشتی دەرەکی، دوور نیە یەکێك لەو پارێزگایانە خۆی وەك هەرێمێکی سوننە ڕێکبخاتەوە( ئەنبار لە پێشەوەو پاشان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

موسڵ).

٣- فراوانکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکان؛ بۆ ڕێگەگرتن لەتەشەنەسەندنی مەیلی خۆبەهەرێمکردن ومانەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەپایتەخت لە بەرژەوەندی حکومەتی فیدراڵدایە دەسەڵاتی زیاتر(بەتایبەت کارگێڕی و دارایی)، بداتە پارێزگا سوننەکان. بۆیە لەئەگەری یەکدەنگنەبوونی گوتاری سوننەکان وئامادەیی حکومەتی بەغدا بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتە ناسیاسییەکان ڕەنگە جۆرێك لەفیدراڵییەتی ئابووری، لەسەر بنەمای پارێزگاکان دروست ببێت.

٤- پێکهێنانی هەرێمێکی سوننەی یەکگرتوو؛ هەرچەندە لەبەر چەندین هۆکار، پێکهاتنی ئەم هەرێمە سەختە، بەڵام مەحاڵیش نیە، دەکرێت هەرێمەکە جیا لە کوردستان لەسەر بنەمای مافە ئابوری وئەمنییەکان دابرێژرێت. هەروەها دورنیە دوای پێکهێنانی هەرێمێك لەپارێزگایەکی سونەدا دواتر بۆ چەندین پارێزگای دیکە پەلبهاوێژێت. بەڵام زۆر لەم ئەگەرانە پەیوەستن بە ئایندەی ململانێی ئەمریکا-ئێران لەعێراق و توانای مانۆڕی سیاسیی سەرکردەکانی سوننە وپاڵپشتی ناوخۆیی و دەرەکییەوە

## تەوەری چوارەم: کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق:

بڕیاری کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبومەهدی موهەندیس، ڕاستەوخۆ دوای ئەو زنجیرە ڕووداوە خێرایانە هات کە عێراق لەماوەیەکی کورتدا بەخۆیەوە بینی، وەك زنجیرەیەك ڕووداوی پەیوەست پەیوەندی و کاریگەرییان لەسەر یەکتر جێهێشت، هێرشە مووشەکیەکانی حیزبولّای عێراقی بۆسەر بنکەی سەربازی ئەمریکا لە بنکەی کەی وەن(K1) لە کەرکوك و کوژران و برینداربوونی چەند سەربازێك، پەرچەکرداری ئەمریکا و هێرشەکانی بۆ سەر بنکەکانی حیزبولّا لە سنوری سوریا، هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی سەوزی بەغدا (وەك پەرچەکردارێکی تۆڵەسێنی کردە سەربازییەکان)، ڕێرەوی ڕووداوەکان و ململانێی ئەمریکا و ئێرانی بەرەو توندوتیژی ئاراستە کرد، ئەم دۆخە وای کرد پەرلەمانی عێراق(کوتلە شیعەکان)، لە ٥ی کانوونی دووەم٢٠٢٠، بڕیارێکی "ناپابەندی" ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ دەرکردنی هێزە بیانیەکان لە عێراق، هەرچەندە بوونی هێزە بیانییەکان لە عێراق ، لە ناو ئەوانیشدا هێزەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق لەدەستی ڕژێـمی بەعس لە نۆی نیسانی ٢٠٠٣، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨حکومەتی عێراق 'ڕێککەوتنی ئاسایش'ی لەگەڵ ئەمریکا ئیمزاکرد و بەو پێیە هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ تا ٢٠١١ زۆربەی هێزەکانی لەسەردەمی ئۆبامادا لە عێراق کشاندەوە.

بوونی هێزی ئەمریکا لە ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ و مەترسیی داعش و بەتایبەت نزیکبوونەوەی داعش لە بەغدای پایتەخت، عێراق لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەوە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، هاوکاری سەربازی بکات، ئەم داواکارییە و مەترسییەکان لەسەر ئاسایشی جیهان، بووە هۆی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و بەشداریی ٦٦ دوڵەتیتر.

### سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دوای ڕووداوەکانی کوژرانی سولەیمانی

گرنگترین ئامرازەکانی ئیدراکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بە ئامانجگرتنی سولەیمانی بریتیە لەئامرازی 'گەمارۆدان و ڕێگە گرتن لە فراوانخوازی'ی ئێران، کە سولەیمانی لە ناوچەکەدا جوڵێنەرو ئاراستەکاری بوو. گەرچی بەشێك لە شرۆڤەکانی سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا سەردەمی ترەمپیان بەناجێگیر و پەشێوی ناودەبرد، بەڵام وا دەردەکەوێت لە بڕیاری لەناوبردنی سولەیمانیدا، ورد ئامانجی پێکابێت و فراوانخوازی ئێرانی و پرۆئێرانییەکانی لە ناوچەکە گەمارۆ دابێت.

### سیناریۆ و بژاردەکانی ئەمریکا

ئەمریکا لە دوای ئەم ڕووداوانە و بژاردە سنووردارەکانی (بە تایبەتی لە ئێستادا کە نەیارەکانی زۆرترن)، ڕکابەرەکانیشی لە عێرا ق و سوریا بێورنگ سەختگیرتر دەبن، بژاردەکانی ئەمریکای کەمتر کردۆتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١ـ دووبارە بڵاوەپێکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا( اعادة الانتشار)، ئەمریکا ١٣ بنکەی سەربازی لە عێراقدا هەیە، پاش بەئامانجگرتنی هێزکانی، پێویستە واشنتۆن ڕەنگە جارێکیتر کۆی هێزەکانی لە ڕووی جۆرایەتییەوە ( شەرکەر ، تایبەت ، پارێزەر، راوێژکار، راهێنەر ) بەسەر لە چوار بنکەدا دابەش بکاتەوە، باشترین بژاردەش هەریەك لە بنکەکانی 'فرۆکەخانەی هەولێر، کەرکوك، عەینولئەسەد و فڕۆکەخانەی بەغدا'ن، هەروەها دامەزراندنی سیستەمی بەرگری 'پاتریۆت' و دووریش نییە ژمارەی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەرباز، ڕاگرتنی ڕاهینان و راوێژکارانی لە عێراق کەمبکاتەوە.
٢ـ هەڵبژاردنی رۆژئاوای عێراق، بە دیاریکراوی پارێزگای ئەنبار وبە هێزکردنی بنکەکانی و پاراستنی هێزەکانی ئەمریکا و بەدەستهێنانی پشتگیریی پێکهاتەی سوننە.
٣ـ گواستنەوەی هەموو بنکەو بارەگا سەربازییەکانی هێزەکانی بو هەرێمی کوردستان و جێگیردکردنیان لە هەرێمی کوردستان.
٤ـ کشاندنەوەی هەموو هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سەپاندنی سزای ئابووریی بەسەر عێراقدا و کشاندنەوەی عێراق لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، لەم دۆخەدا زیاتر عێراق پشت ئەستور بێت بە هێزەکانی ناتۆ و جێگەی هێزەکانی ئەمریکا بگرێتەوە.
ئەم بژاردانە لەبەردەم ئەمریکادان، بەڵام بژاردەی هەرە بە هێز ئەوەیە کە ئەمریکا دوبارە بڵاوەپێکردنەوەی هێزەکانی ئەنجامبدات، بژاردەی ناوچەی سوننە وکوردستان بۆ هێزەکانی پارێزراوترە، بەڵام بۆ پاریزگاری باشتری بەرژوەندییە ئابورییەکان و سەرچاوەکانی ووزە، هەموو عێراق بۆ ئەمریکا گرنگ و ستراتیژیترە. ئەڵبەت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و فشار و بەرژەوەندییەکانی ئێران رابگرێت، بژاردەی یەکەم بۆ کوردستان باشترە.

**کورد و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا**

پێنجی کانوونی دووەم، ئەوکاتەی پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر پڕۆژەبڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان دا، هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەشداریکردنیان بایکۆت کرد، هەرچەندە لە ناوەندە سیاسییەکانی شیعەشدا کاردانەوەی نەرێنی لێکەوتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم بە فەرمی ڕایانگەیاند کە هێشتا مەترسیی ئاسایشیی لە سەرعێراق و هەرێمی هەیە و مانەوەی هێزە بیانییەکان پێویستە.
کوردستان (بەلایەنی کەمەوە) دەبێت لە دوو ڕوانگەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات، لایەنی ئاسایشی، کە تێیدا ئەمریکا وەکو هێزێکی پاڵپشتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لایەنی دووەم بابەتی پشتگیریی سیاسی بۆ کوردستان. بەشێکی دیار لە سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەمریکا پێشنیاری مانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەیان لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بەوپێودانگەی کوردستان شوێنێکی پارێزراوترە، لەلایەکیترەوە کورد هاوپەیمانێکی بەردەوامی ئەمریکایە و تارادەیەك کیانێکی سیاسییە و دەکرێت مانەوەی ئەمریکیەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر مسۆگەر بکات، ڕەنگە دورمەودا ئەم کیانە، بکرێتە دەوڵەت و ئەمریکاش پشتیوانی بکات، بەڵام ئەم بژاردەیە لەبەردەم دوو ئاڵنگاریی گەورەدایە: یەکەم ناوخۆیی، چونکە دوور نییە حکومەتی عێراق و شیعەی سیاسی، بیر لە هەڵپەساردنی پەیوەندییەکان و گرتنی هەموو دەرچەسیاسیی و ئابورییەکان بکاتەوە، وەکو چۆن لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧، بەرامبەر بە هەرێم کردی و تەنانەت رێگەی ئاسمانیشی بەسەرکوردستاندا داخست.
ئاڵنگاری دووەم، فشاری هەرێمی(اقلیمی) بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە تایبەتی ئێران، بۆ کوردستان راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە دژبەیەکەکانی ئەمریکا و ئێران کارێکی ئاسان نیە، بە تایبەت کە ئێران خاکی هەرێمی کوردستان بە قوڵایی ستراتیژی و سەربازی خۆی دەزانێت.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

١. اجراء البحث العلمي و نشره.
٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
٤. اصدار مجلة علمية محكمة.
٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.1

# The Future of Iraq and the Kurdistan Region Amid Current Tensions

## Ongoing Protests, Government Formation, Possible Creation of a Sunni Region, US Troop Withdrawal

February 2020

www.centerfs.org